# شیركی نەهێشتنی سیفاتەكانی خوای گەورە (شرك التعطيل)

✍: م/ هێمن عبدالكريم

## بسم الله الرحمن الرحيم

الحمد لله رب العالمين نحمده حمد الشاكرين، ونشكره شكر الحامدين، والصلاة السلام على المبعوث رحمة للعالمين، أما بعد:

**گومانی تێدا نییە كە گەورەترین تاوان لای خوای گەورە هاوەڵ دانانە بۆ خوای پەروەردگار، چونكە لە چەندین ئایەتدا وە لە (حدیث)ەكانی پێغەمبەرﷺ ئاماژەی پێكراوە، وە خوای گەورە لەم تاوانە خۆش نابێت، مەگەر بە تەواوی وازی لێ بێنێتو بەتاكو تەنها خوای بەرزو بڵند بپەرستێت، خوای گەورە دەفەرمێت:**

﴿إِنَّ اللَّهَ لَا يَغْفِرُ أَنْ يُشْرَكَ بِهِ وَيَغْفِرُ مَا دُونَ ذَلِكَ لِمَنْ يَشَاءُ﴾ (النساء: 48).

**واتە: خوای گەورە لە هەموو تاوانەكان خۆش دەبێت جگە لە (شیرك) نەبێت.**

**وقال تعالى:** ﴿وَجَعَلَ لِلَّهِ أَنْدَادًا لِيُضِلَّ عَنْ سَبِيلِهِ قُلْ تَمَتَّعْ بِكُفْرِكَ قَلِيلًا إِنَّكَ مِنْ أَصْحَابِ النَّارِ﴾ [الزمر: 8]، فمن جعل لله ندا من خلقه فيما يستحقه عز وجل من الإلهية والربوبية فقد كفر بإجماع الأمة. (ابن تيمية).

**وە خوای گەورە دەفەرموویێت:**

﴿إِنَّهُ مَنْ يُشْرِكْ بِاللَّهِ فَقَدْ حَرَّمَ اللَّهُ عَلَيْهِ الْجَنَّةَ وَمَأْوَاهُ النَّارُ﴾ (المائدة: 72) .

**واتە: هەركەسێك هاوبەش بۆ خوا دابنێت ئەوا بە هەشتی لەسەر حەرام دەبێت وە شوێنی دۆزەخە.**

**وقال النبيﷺ: (ألا أنبئكم بأكبر الكبار، قالها ثلاثا، قالوا بلى يارسول الله، قال الاشراك بالله، .....)[1] .**

**وە شیرك جۆری زۆرە یەكێك لە جۆرەكانی (شیرك) كە هەڵم بژاردووە ناوی (شرك التعطيل) ە:**

**شرك التعطيل: ئەو جۆرە شیركەیە كە خاوەنەكەی یەكێك یان هەموو**

(1) (البخاري ومسلم والترمذي، وانظر: صحيح الترغيب والترهيب: 2299) .

سيفەتەکانی خوای گەورە لەکار دەخات، وە ابن تيمية باسی دەکاتو، دەیکات بە دوو بەشەوە:

التعطيل الكلي: ئەو جۆرەیە کە بڵێیت ئەصڵەن خوای گەورە خالق و رازق و هەڵسوڕێنەر نییە.

وەڵاممان بۆ ئەوە ئەم ئایەتەی خوای پەروەردگارە کە دەفەرمێت:

﴿قَالَتْ رُسُلُهُمْ أَفِي اللَّهِ شَكٌّ فَاطِرِ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ﴾ [ابراهيم : 10] .

التعطيل الجزئي: ئەو جۆرەیە کەدان دەنێت بە بوونی خوای گەورەو خالقیو رازقی خوای گەورە بەڵام نەفی سیفەتێك یان چەند سیفەتێکی خوای گەورە دەکات، وە هەندی (معتزلە)ەکانو هەندی لە فیرەقە گومڕاکانی تر دەڵێن خوا هەیە بەڵام نە لە ئاسمانە نەلە دەرەوەی عالەمە نە لە ناوەوەی عالەمە، مەکانی نییە، چونکە دەڵێن ئەگەر بکەوێتە ناو عالەمەوە ئەوە دەبێت بە مەخلوق, هەر لەبەر ئەوەشە کە باوەڕیان بە دابەزینی خوا نییە لە کاتی سێیەکی شەودا، وە یاسەیەکی عەقلانی فەلسەفی دەڵێن: (المعدوم شيئ) (نەبوو شتە) (چونکە دەڵێن تۆ نییەتو ئیرادەت هەیە لە دروست بوونی ئەو شتە نەبووە پێش ئەوەی ببێت مادەم ئیرادەو قەصد هەیە دوایی کە هاتە وجود کەواتە خۆی لە خۆی دا هەبووە).

وە هەندێکی تر لە فیرەقە گومڕاکان هەیە وەکو(نەصرانیەکان) کەباوەڕیان بەسێ خوا هەیە، (أب وابن وروح القدس) .

وە هەندێکی تریان باوەڕیان بە تێکەڵ بوونی خوا هەیە (الحلول) کە دوو بەشە (لاهوت و ناسوت) لاهوت وەکو درعێك وایە بۆ ناسوت، واتە بۆ نزیك بوونەوە لە خوا (التقرب).

لێرەدا زۆربەی (أهلي كلام) کە پێیان دەڵێن (أهلي النظر) دەڵێن: (أنه لو كان للعالم صانعان فعند اختلافهما مثل أن يريد أحدهما تحريك جسم وآخر تسكينه، أو يريد أحدهما إحياء، والآخر أماتته فإما أن يحصل مرادهما، أو مراد أحدهما، أو لايحصل مراد واحد منهما، والأول ممتنع، لأنه يستلزم الجمع بين الضدين، والثالث ممتنع، لأنه يلزم خلو الجسم عن الحركة والسكون، وهو ممتنع، ويستلزم أيضا عجز

كل منهما، والعاجز لايكــون إلهــا، وإذا حصل مراد أحدهما دون الآخر، كان هذا هو الإله القادر، والآخر عاجزا لا يــصلح للإلهية) .(العقيدة الطحاوية).

**ئەم دەلیلە بە دەلیلێکی گەورەی ئـەهلی کلام ناودەبرێت بـۆ سـەلماندنی وجـودی خالق ئەم بەڵگەیە مـەنعی ئـەوە دەکـات کە دوو خوا هەبێت، واتە: (ئەگەر بێـت و دوو خالق هەبێت ئەوە خۆی لە خۆیدا بۆ کردنـــی کارێـــك خـــیلاف دەکەوێتـــە نێوانیانــەوە، یــەکێکیان بیــەوێت کارێـك بکات یـەکێك بمرێنێـت بـۆ نموونـە ئـەوە ئەوی تریـان بەعەکسەوە کارێك بکـات، ئـــەو دوو خالقـــە یـــان مەبەســـتی هـــەردووکیان دێتـــە دی یـان مەبەسـتی یـــەکێکیان دێتـــە دی یـــان مەبەســـتی هیـــچیان نایەتـــە دی، ئەگـــەر بڵـــێین مەبەستی هەردووکیان دێتـە دی ئەمـەش شـــتێکە پێـــچەوانەی عەقڵـــە، چـــونکە یـــەکێکیان دەیـــەوێت بیمرێنێـــت ئـــەوی تریـــان دەیـــەوەێت بیـــژێنێت وە ئەمـــە هەرگیز روونـادات، سێیەمیـشیان ئەگـەر بڵێین مەبەستی هیچیان نایەتـەدی ئـەوە خۆی لە خۆیدا شتێکی پووچەڵە، چونکە هەردووکیان مەبەستیان هەیە، وە ئەگەر مەبەستیان نەبێت ئـەوە هیـچیان نابێـت بە خالق، ئێستا ماوەتـەوە سـەر ئـەوەی مەبەسـتی یـەکێکیان بێتــە دی، ئەگــەر مەبەســتی یــەکێکیان بێتــە دی ئــەوە یـەکێکیان دەبێتـە** (إله) **وە ئـەوی تریـان دەبێتە (المخلوق).**

**وە مەنهـەجی ئـەهلی سـوننە توحیـدی** (الالوهیة)**ە نەك توحیدی (الربوبیة).**

**بـەلأم زۆربـەی** (أهلي النظر) **کـە پێیـان دەڵـێن ئـەهلی کـەلام باوەڕیـان وایـە کـە سەرەکیترین شت تەوحیـدی** (الربوبیة)**یـە ئـــەم ئایەتـــەش دەکەنـــە بەڵگـــە بـــۆ قـسەکەیان:** ﴿لَوْ كَانَ فِيهِمَا آلِهَةٌ إِلَّـا اللَّــهُ لَفَسَدَتَا﴾ [الأنبياء: 22] .

**ئەگـەر بێـت و دوو خـوا هـەبێت ئـەوا هـــــەموو مـــــەخلوقات تیاچـــــوونیان مسۆگەرە، ئەمە هەڵەیەو نابێتـە دەلیلـی (تمـانع) هـەروەکو** (ابـــــن تیمیـــــة) **دەفەرمووێت ئەم ئایەتـە خـۆی رەدە لـە سەریان چونکە نافەرمووێت** (أرباب)**، وە دەڵێن بە پێی ئەم ئایەتە نابێت (خالق و صانع) دووان بێت، وە مەنهـەجی ئـەهلی سـوننە دەڵـێن ئـەم ئایەتـە باسـی (إلـە)**

دەکات وە هەر ئایەتێك کە باسی (إلـە) بکات ئەوا باسی(عبودیــة) دەکـات واتـە یــەك خــوا شایــستەی ئەوەیــە کــە بپەرستێت بەراستی، ئـەمان دەڵـێن لـە دوای دروست بوونی تیاچوونی بەسـەردا دێت واتە دوای دروست بوونی مـەخلوق، کـە ئەمـە خـۆی لـە خۆیـدا هەڵەیـە، هـەروەکو (أبي العز الدمـــشقي) دەڵێـت: (لاعتقادهم أن توحيد الربوبية الذي قــرره هو التوحيد الالهية الذي بينه القرآن).

وە لێـرەدا قاعیـدەی (أهـــل الـــسنة) ئەوەیــە کــە ئــەو کەســەی تەوحیــدی (الالوهيــــة)ی هــەبێت ئــەوا توحیـدی (الربوبية)ی تەواوە، بەڵام بە پێـچەوانەوە تەواو نییـە، (توحيد الالوهيــة المتــضمن لتوحيد الربوبية وهو عبادة الله وحـــده لا شريك له، فإن المشركين من العرب كانوا يقرون بتوحيد الربوبية) بدليل قوله تعـــالى (ولئن سألتهم من خلق السموات والارض ليقولن الله) .

وە دەلیلێکی تریان ئەوەیە:

ئایــــەتێك دەهێننـــەوە کـــە خـــوای پــەروەردگار رەخنــە دەگرێـت لـە بـەنی (اسـرائیل) کـە گوێرەکەیـەکیان دروسـت کــرد لەســـەر دەســتی (ســامری)کــە موسی ﷺ چوو بۆ (میقات) خوای گەورە لەســـەر قـــسەی (ئـــەهلی کـــەلام) فەرموویەتی:

﴿وَاتَّخَذَ قَوْمُ مُوسَى مِنْ بَعْدِهِ مِـــنْ حُلِـــيِّهِمْ عِجْلًا جَسَدًا لَهُ خُوَارٌ﴾ (الأعراف: 148).

واتــە: لــە دوای رۆیـشتنی موســی ﷺ قەومەکەی گوێرەکەیەکیان دروست کرد لە خشڵ و زێر کە قۆڕەی هەبوو.

ئەهلی کەلام دەڵێن ئەم ئایەتە بەڵگەیە لەسەر قسەکەی ئێمە کـە خـوای گـەورە رەخنـە لـە قەومەکـەی موسـی دەگرێـت (کـە گوێرەکەیـەکیان دروسـت کـرد کـە خاوەن جەسەد بوو ووتیان ئەمە خوایـە، بۆیـە خـوا نـەفی ئـەوە دەکـات کـە خـوا جەسەدی هەبێت نابێت ئـەو سـیفەتانەی بۆ دابنێیت کە ببێت بە جەسەد)، پاشان (ابــن تیمیــة) رەدی ئــەوە دەداتــەوەو دەڵێــت: وشــەی جەســەد لــە قورئــانی پیرۆزدا لە چوار شوێندا هاتووە، یەکەم: (وَمَا جَعَلْنَاهُمْ جَسَدًا لَا يَأْكُلُونَ الطَّعَامَ وَمَـــا كَـــانُوا خَالِـــدِينَ) (الأنبيـــاء: 8)، دووەمیـان: (وَأَلْقَيْنَا عَلَى كُرْسِيِّهِ جَسَدًا ثُـــمَّ أَنَـــابَ) (ص: 34)، سێیەمیان (ئایەتەکەی الأعراف کە

ئـەوان دەیکـەن بـە بەڵگـە)، چـوارەمیان (فَأَخْرَجَ لَهُمْ عِجْلًا جَسَدًا لَهُ خُوَارٌ) (طـه: 88)

(ابـن تیمیـة) دەڵێـت ئەمـە نـەفی (جـسد) دەکـات (جـسد) جیـاوازی هەیـە لەگـەڵ جسمدا(لاشەدا)(جسم ئەوەیە کە حەیاتی تێدا بێت بەڵام جسد ئەوەیە کە حـەیاتی تێـدا نـەبێت) خـوای گـەورە ڕەخنـەی لێگـرتن کـە گوێرەکەیـەکی بـێ ڕوحیـان دەپەرست چونکە جسد بـوو، وە مرۆڤـی زیندوو کامڵترە تـا مرۆڤـی مـردوو، بۆیـە ڕەخنەکەی خوای پەروەردگار ئاراستەی (جسد)ەکە کراوە، پاشان خـوای گـەورە لە کۆتایی ئایەتەکەدا دەفەرموویێت:

﴿أَلَمْ يَرَوْا أَنَّهُ لَا يُكَلِّمُهُمْ وَلَا يَهْدِيهِمْ سَبِيلًا﴾

ئەوە ڕەخنەکەیە نـەك ڕەخنەکـە وشـەی (جسد)ەکـە بێـت، ئایـا نـەیان بـینی کـە قـسەیان لـە گەڵـدا ناکـات وە هـیچ ڕێگەیەکیان پـێ نیشان نادات، کـە خـۆی لـە خۆیـدا ئـەم دوو سـیفەتە سـیفەتی خالقـە، خـالق دەبێـت ڕێگـای ڕاسـت نیشانی بەندەکانی بدات، وە قۆڕەی کـە گوێرەکەکە دەیکرد (سامری) وا دروستی کردبوو کە دوو کـونی هـەبوو لـە پـێش و دواوە کە هەوایەك بهاتایە ئەوا دەنگێکی لێوە دەهات.

پاشان ئەم جۆرە (شـرك التعطیـل) ناشـیرینترینو خـراپترین جۆرەکـانی شـیرکە، نموونـە بـۆ ئـەم جۆرە شـیرکە وەکو ئەوەی فیرعەون کە وتی:

﴿وَمَا رَبُّ الْعَالَمِينَ﴾ (الشعراء: 23).

وە خوای گەورە ئاگادارمان دەکاتـەوە ﴿وَقَالَ فِرْعَوْنُ يَا هَامَانُ ابْنِ لِي صَـرْحًا لَعَلِّـي أَبْلُغُ الْأَسْبَابَ﴾ [غافر: 36].

واتـە: فیرعـەون بـە هامـانی وت: کۆشـکێکم بـۆ دروسـت بکـە بـۆ ئـەوەی بگەمە ئەو ڕێگایە.

وە شـیرك و تعطیـل پەیوەنـدیان بـە یەکـەوە هەیـە، هـەروەکو ابـن (القـیم الجوزیـە) لـە کتـێبی (الجـواب الکـافی)دا دەڵێـت: (فکل مشرك معطل، وکل معطل مشرك).

کەسـی مـشرك تعطیلـی سـیفەتەکانی خـوای پـەروەردگار دەکـات، وە هەرکەسـێك تعطیلـی سـیفەتەکانی خـوا بکات لە پاش ئەوەی کە بە تەواوی بـۆی ڕوون بووەوە(الاقامة الحجة) کـرا ئـەوا بـە مـشرك دادەنرێـت و لـە بازنـەی ئیـسلام

دێته دەرەوە، وە هەندێ جار مشرك دان دەنێت بە سیفەتەکانی خوای پەروەردگار بەڵام حەقی تەواوی (توحید) بەتاك و تەنیایی خوانادات .

وە ئەم جۆرە (شرك تعطیل) دەکرێ بە سێ بەشەوە:

1- **تعطيل المصنوع عن صانعه وخالقه.**

واتە: لە کارخستنی دروستکار کە خوای پەروەردگارە بۆ دروست کراوەکانی.

2- **تعطيل الصانع -سبحانه- عن كمال المقدس -بتعطيل أسمائه وأوصافه .**

واتە: لە کارخستنی دروستکەر کە (خوای پەروەردگارە) لە تەواوێتیو بێ نوقستانی وە لە کارخستنی ناوە پیرۆزەکانیو صیفەتە بەرزەکانی .

3- **وتعطيل معاملته عما يجب على العبد من حقيقة التوحيد .**

واتە: لەکارخستنی خوای گەورە کە پەیوەندی هەیە لەگەڵ بەندەکانی(بە هۆی قورئانەوە) لە تەواو و راستێتی بە تاکو تەنیایی خوای پەروەردگار .

ئەم جۆرە کۆمەڵێك بوون پێیان دەوترا (طائفة أهل وحدة الوجود) کە دەیان ووت (ما ثم خالق ومخلوق) وە دەیان ووت (ولا هاهنا شيئان) .

وە کۆمەڵێکی تری (ملحد)هەبوو کە قسەیان لەسەر ئەبەدیەتو ئەزەلیەتو بوونی خوای گەورە دەکرد، ئەم کۆمەڵە دەیان ووت: (خوا پاڵی داوەتەوەو کاروباری دونیا خۆیان خۆیان بەڕێوە دەبەن) .

ئەم کۆمەڵانە پێك هاتبوون لە(جهميه و قرامطه)ەکان ئەمانە دانیان دەنا بەسیفەتاکانی خوای پەروەردگار بەڵام مەخلوقیان بە تەواو تر دادەنا لە خوای گەورە(نعوذ بالله) .

وە پێویستە لەسەر هەموو موسڵمانان کە ئاگاداری خۆیان بن خۆیان بپارێزن لە هەموو جۆرە شیرکێك، وە گرنگی تەواو بدەن بە بیروباوەڕی راست لەسەر مەنهەجی (السلف الصالح) وە پێویستە هەمووماں ئەم دووعایە بکەین کە **(اللهم إنا نعوذ بك أن نشرك بك شيئا نعلمه، ونستغفرك لما لا نعلمه)**(2).

(2) (صحيح الترغيب والترهيب: 36).